گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
https://doi.org/10.26750/prmskx58
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 15/10/2024
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 22/01/2025
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/12/2025

# شرۆڤەی وتاری سیاسی لە ڕۆژنامەی کوردیدا، تایبەت بە پرسی ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان-٢٠١٧

**ئیبراهیم سەمین عەلی[١] - محمد خدر مولود[٢]**
muhammad.maulood@su.edu.krd - ibraheemsameen2022@gmail.com
[1+2] بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**
ئەم توێژینەوە بە ناونیشانی (شرۆڤەی وتاری سیاسی لە ڕۆژنامەی کوردیدا، تایبەت بە پرسی ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان-٢٠١٧)یە، توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە، تیایدا بە مەبەستی بەدەستهێنانی داتا و زانیاریی ورد و دروست، میتۆدی شیکاری ناوەڕۆک بەکارهێنراوە، کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە ڕۆژنامەکانی (خەبات و کوردستانی نوێ) وەک دو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی بەردەوام کە وتاری سیاسیان بڵاودەکردەوە لەکاتی ئەنجامدانی پرۆسەی ڕیفراندۆم لە هەمو ژمارەکانیان وتاری تایبەتە بەم پرسە هەبوە.
نمونەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە (١٥٩) وتاری سیاسی لە هەریەکە لە ڕۆژنامەکانی (خەبات و کوردستانی نوێ)، لەماوەی یەک مانگ لە (٢٥/٨/٢٠١٧) تاوەکو(٢٤/٩/٢٠١٧) وەرگیراوە.
گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:
١.دەستنیشانکردنی جۆری ئەو وتارانەی ڕۆژنامەی کوردی لەکاتی پرسی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کورستان ٢٠١٧ بڵاوکرانەتەوە.
٢.خستنەڕوی شرۆڤە و ناوەڕۆکی وتاری سیاسی ڕۆژنامەی کوردی بۆ پرسی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کورستان ٢٠١٧.
٣.دیاریکردنی ئاراستەی وتاری سیاسی لە ڕۆژنامەی کوردیدا بۆ پرسی ڕیفراندۆمی سەربەخۆی هەرێمی کوردستان ٢٠١٧.
لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیگەیشتوە:
١.ڕۆژنامە کوردییەکان گرنگییەکی زۆریان بە ڕوماڵکردنی ڕۆژنامەگەری بۆ پرسی ڕیفراندۆم داوە.
٢.جۆری ئەو وتارانەی لە ڕۆژنامەی کوردی لەکاتی ڕیفراندۆم بڵاودەکرانەوە، جگە لە وتار سەروتار و ستون بریتیبون لە ژانەری وەک شرۆڤە و لێکدانەوە بەدواداچون.
٣.لە روی ئاراستە یاخود ئامانجی وتاری سیاسی لە نێو ڕۆژنامەی کوردی زۆر پیشەیی بوە زیاتر هەوڵێک بوە بۆ بانگەشەی پرۆسەی ڕیفراندۆم و گەیاندنی زانیاری بۆ خوێنەران.
**کلیلە وشەکان:** شرۆڤە، وتاری سیاسی، ڕۆژنامەی کوردی، پرس، ڕیفراندۆم، هەرێمی کوردستان

# Analysis Of Political Article in Kurdish Media, Specifically About the Referendum Case in The Kurdistan Region- 2017

Ibrahim Samin Ali[1] - Mohamed Khadr Mouloud[2]
[1+2]Media Department, college Art, Salahaddin University-Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq

## Abstract:

This study is titled " Analysis of political article in kurdish media, specificaly about the referendum case in the kurdistan region- 2017" ،it is a descriptive-analytical research in which the method of content analysis has been used in order to obtain data and information. The research community includes the newspapers "Xabat and Kurdistan New " as two daily newspapers that published political articles during the referendum process. The sample of this research is (159) political articles in each of the newspapers (Xabat and Kurdistan New) during a period of one month from (25/8/2017) to (24/9/2017).

The main objectives of this study are:

1. Identify political articles in the Kurdish newspaper published during the 2017 Kurdistan Region independence referendum.
2. Presenting the analysis and content of the political article in the Kurdish newspaper during the referendum on the independence of the Kurdistan Region in 2017.
3. Determine the political article in the Kurdish newspaper on the issue of the Kurdistan Region's independence referendum in 2017.

Among the most important findings of the study:

1. The Kurdish press is very interested in press coverage case the referendum on the independence of the Kurdistan Region in 2017
2. The types of articles published in Kurdish newspapers during the referendum were in addition to the editorial and column articles such as journalistic analysis and investigative journalism.
3. In terms of the direction or objectives of the political article in the Kurdish newspaper, it was more than an attempt to announce the referendum process and convey information to readers.

**Keywords:** Analysis, Political Article, Specificaly Students, Referendum, Case, Kurdistan Region

## پێشەکی:

وتاری ڕۆژنامەوانی، یەکێکە لە هونەرە گرنگەکانی ئامادەکردنی ڕۆژنامەگەری، بەو پێیەی بەشـــدارە بە بونی توخمێکی ســـەرەکی لە توخمەکانی تری ڕۆژنامە، وەک هەواڵ و بەدواداچون و ڕاپۆرتکردن لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی ڕۆژنامەگەری وەک ئاگادارکردنەوەو ئاڕاســـتە و ڕێنوێنیکردن و باســـکردن و شـــیکردنەوەی، ئەمەش لەبەرئەوەیە کە ئێســـتا ئەرکی ڕۆژنامەگەری گۆڕاوە، بەو پێیەی ئەرکەکەی تەنها لە گەیاندنی هەواڵ بە خوێنەرانی ســـنوردار نییە، بەڵکو مەودای

کارکردنی لەوە فراوانتر بوە، بەو پێیەی هەوڵی تێرکردنی پێداویســـتییەکانی خوێنەران دەدات و لە هەمو ڕوداوەکانی دەوروبەریان ئاگاداریان دەکاتەوە.

ڕیفراندۆم بریتییە لە هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی وەڵامی پرسیارێک لەلایەن خەڵکانێکەوە لەسەر پرسێکی دیاریکراو بەم پێیە پرۆســـەی ڕیفراندۆم بریتییەلە ڕێگایەک بۆ ئەوەی بزانرێت خەڵکێک چیان دەوێت یان چ جۆرە وەڵامێکیان هەیە بۆ پرسیارێک، پرسیارەکە لەسەر ئەم بنەمایە پێویستە پرسیارێک بێت کە خەمی گشتی بێت، هەتا هەموان لە ڕوانگەی خۆیانەوە ئەو وەڵامە هەڵبژێرن کە بەلایانەوە گونجاوە.

ئەم توێژینەوەیە کە بە ناونیشانی شرۆڤەی وتاری سیاسی لە ڕۆژنامەی کوردیدا، تایبەت بە پرسی ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان-٢٠١٧، کێشەکەی خۆی لە پرسیارێکی گەورە دەبینێتەوە، ناوەرۆکی شرۆڤەی وتاری سیاسی لە ڕۆژنامەی کوردی، تایبەت بە پرسی ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان-٢٠١٧ چی بو؟

ئەم توێژینەوەیە پێکهاتوە لە سێ بەش بەشی یەکەم بریتییەلە ڕێبازنامەی توێژینەوەکە بەشی دوەم تیۆری نامە، بەشی سێیەم پراکتیکی توێژینەوە لە کۆتاییدا دەرئەنجامەکان خراوەتەڕو.

**بەشی یەکەم: ڕێبازنامەی توێژینەوەکە**

**یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوەکە**

**١. ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە**

**کێشەی توێژینەوە:** کێشەی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەم پرسیارە سەرەکی دەبینێتەوە ناوەرۆکی شرۆڤەی وتاری سیاسی لە ڕۆژنامەی کوردیدا، تایبەت بە پرسی ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان-٢٠١٧ چی بو؟

**پرسیارەکانی توێژینەوە:** گرنگترین پرسیارەکانی توێژینەوەکەمان ئەمانەی خوارەوەن:

١. جۆری ئەو وتارانەی لە ڕۆژنامەی کوردیدا لەکاتی ڕیفراندۆم بڵاودەکرانەوە چین؟

٢. ناوەرۆکی وتاری سیاسی لە ڕۆژنامە کوردییەکان چین؟

٣. گرنگترین بەهاکانی وتاری سیاسی لە کاتی ڕیفراندۆم لە ڕۆژنامەی کوردیدا چی بو؟

٤. گرنگترین ئەو ئامانجی وتاری سیاسی لە ڕۆژنامەی کوردییەکان لە کاتی ڕیفراندۆم دا چی بون؟

**گرنگی توێژینەوە:** گرنگی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە لەسەر ئەم بنەمایانەی خوارەوە خۆی دەبینێتەوە:

١- لایەنی ڕەســـەنایەتی: گرنگی ســـەرەکی ئەم توێژینەوەیە لە ڕەســـەنایەتییەوە ســـەرچاوەی گرتوە، یەکەم توێژینەوەی زانستییە لەسەر ئاستی کوردستان تاوتوێی وتاری سیاسی تایبەت بە پرسی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لە ٢٠١٧.

٢- لایەنی بابەتەوە: ئەوەی زیاتر گرنگی ئەم توێژینەوەیە دەردەخات، ڕیفراندۆمە، وەک یەکەم دەرفەتی زێڕین لە مێژوی نەتەوەیی گەلی کورددا، لە هەوڵی سەرخستنی ئەو پرۆسەیە، وتاری سیاسی و وتاری ڕۆژنامەوانی لەنێو ڕۆژنامە کوردی و عەرەبییەکاندا ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا لەو پرۆسەیەدا، ئەمیش لەڕێگەی کۆمەڵێک ستراتیژییەت، کە لە وتارەکاندا بەرجەستەکران و شیکردنەوەی وتارەکان.

٣- لایەنی زانســـتی: ئەم توێژینەوەیە، دەچێتە بواری پســـپۆڕی نوســـینی ژانەرەکانی ڕۆژنامەوانی، بە تایبەتی چۆنیەتی بەگەڕخســـتنی وتاری ســـیاسی لە ئاڕاســـتەکردنی زانیاری بۆ وەرگران، هەروەها هەوڵێکی ئەکادیمییە بۆ شرۆڤەکردنی

پەیوەندی و كارلێك لەنێوان وتاری سـیاسی و پرسی ڕیفراندۆم، زیاد لەوەش دەرخستنی لێكەوت و میكانیزمەكانی بەكارهێنانی وتاری سـیاسی لە پرۆسـەی ڕیفراندۆم، لەڕوی تیۆری و شـیكارییەوە، لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیەوە ئەو بەربەستانەمان بۆ ڕون دەبێتەوە، كە دێنە بەردەم وتاری سیاسی.

**ئامانجەكانی توێژینەوە:** گرنگترین ئامانجەكانی ئەم توێژینەوە خۆی لەمانە دەبینێتەوە:

١. دەستنیشانكردنی جۆری ئەو وتارانەی لە ڕۆژنامەی كوردیدا لەكاتی پرسی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی كورستان ٢٠١٧ بڵاوكرانەتەوە.
٢. خستنەڕوی شرۆڤە و ناوەڕۆكی وتاری سیاسی لە ڕۆژنامەی كوردی لەكاتی پرسی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی كورستان ٢٠١٧.
٣. دەستنیشانكردنی بەهاكانی وتاری سیاسی ڕۆژنامەی كوردی لە كاتی ڕیفراندۆمدا.
٤. ڕونكردنەوەی ئامانجی وتاری سیاسی لە ڕۆژنامەی كوردیدا تایبەت بە پرسی ڕیفراندۆم.

**میتۆدی توێژینەوە:**

**جۆری توێژینەوەكە:** ئەم توێژینەوەیە دەچێتە چوارچێوەی توێژینەوە وەسـفییەكان، كە جۆرێكە لەو توێژینەوانەی بە ئاڕاستەی وەسفی و شیكردنەوەی دیاردەیەكی میدیاییە كە زانیاری لە بارەیەوە لە بەردەست دابێت.

**ڕێبازی توێژینەوەكە:** شـیكاری ناوەڕۆكە لە دیارترین ڕێبازەكانی توێژینەوە لە توێژینەوە وەسـفییەكان، بۆ نمونەیەكی گونجاو داتا و زانیارییەكان لەبارەی توێژینەوە دەخاتەڕو.

**كۆمەڵگەی توێژینەوە و نمونەی توێژینەوەكە:**

كۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە ڕۆژنـامەكانی (خەبات و كوردسـتـانی نوێ) وەك دو ڕۆژنـامەی ڕۆژانەی بەردەوام كە وتاری سیاسییان بڵاودەكردەوە لەكاتی ئەنجامدانی پرۆسـەی ڕیفراندۆم لە هەمو ژمارەكانیان وتاری تایبەتە بەم پرسە هەبوە.

نمونەی ئەم توێژینەوە بریتییە لە سـەرجەم وتارە سـیاسـییەكانی ڕۆژنامەكانی (خەبات و كوردسـتانی نوێ) لە ماوەی یەک مانگدا، كە لە ٢٥/٨/٢٠١٧ تاكو ٢٤/٩/٢٠١٧. وەرگێراوە كە ژمارەیان (١٥٩) وتاری سـیاسـییە نمونەیەكی مەبەستدار بەشێوەی گشتگیر (حصر شامل) وەرگیراوە.

**كەرستەكانی توێژینەوە:** گرنگترین ئەو كەرەستەی لەم توێژینەوەیەدا بەكارهاتوە بریتیە لە فۆرمی شیكاری ناوەرۆك بەستوە.

**٢. :چەمكەكانی توێژینەوە:**

**١- شرۆڤە:** شـیكردنەوە، لێكدانەوە، ڕاڤە، شرۆڤە وجودی چەمكیی واقعییەتەكانە، خودی چەمكیش ڕێگای وێناكردنی شـتەكانە لە زەینی ئێمەدا، هەر شـتێكیش كە زەینی بێ، یان ڕەهەندێكی زەینی هەبێ، بمانەوێ و نەمانەوێ، ڕەهەندێكی ڕێژەییش وەردەگرێ. ئەگەر ئاوا لە شرۆڤە بروانین، ڕێگامان واڵاكردوە بۆ دیالۆگ، دیالۆگ و گفتوگۆ لەسـەر بنەمای ئەو دیدە ڕێژەییە دروسـتدەبێ، ئەگینا ئەگەر مرۆڤەكان، دیتنەكانی خۆیان بە ڕەها بزانن، ئێمە شـتەكان و واقعییەتەكان بەو شێوەیەی كە دەیانبینین و لە زەینی خۆماندا وێنایان دەكەین، دەناسین، نەک بەو شێوەیەی لە واقیعدا هەن.

**٢- وتار**: ئەو ژانەرەیە کە ڕۆژنامە بڵاویدەکاتەوە بۆ ڕوماڵکردنی پرسیار یان بابەخدانێك کە سروشتێکی هەنوکەیی پەیوەندیداری هەبێت بە ڕوداوە گرنگەکان، کێشەکان، یان ئەو پرسانەی کە لە ئێستاوە هەن لە ژیانی خوێنەرانیدا ڕودەدات، یان ئەوانەی کە لە داهاتویەکی نزیکدا لە ژیانیاندا ڕودەدەن.

**٣- وتاری سیاسی**: وتاری سیاسی ئەرکی سەرەکی، کە دەتوانێت بەدەستیبهێنێت بریتییە لە هۆشیاری و پەروەردە و پێکهێنانی ڕۆشنبیری، چونکە وتارکە هونەرێکی ڕۆژنامەوانی ڕۆشنبیرییە (نا-هەواڵ) کە بە شێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستێت بە توخمەکانی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە و گشتگیرکردن و بیرکردنەوە و بەشێوەیەکی سەرەکی ئاڕاستەی مێشک و بیرکردنەوەی خوێنەر دەکات و ڕێگایەکی ڕونی بۆ دابیندەکات.

**٤- ریفراندۆم**: بریتییە لە دەنگدانی ڕاستەوخۆ و گشتی کە تێیدا هەمو دەنگدەران بانگهێشتدەکرێن بۆ دەنگدان لەسەر پێشنیارێکی دیاریکراو لە سەر ئاستی فراوانی نەتەوەی بێت یان ئاستی ناوچەیی.

## بەشی دوەم

## زانیاریینامە

### یەکەم: وتاری ڕۆژنامەوانی (چەمک و جۆرە تایبەتمەندییەکانی)

#### ١. پێناسەی وتاری ڕۆژنامەوانی

وتار لە بنەڕەتدا وەك زاراوەیەکی کوردی (وتە وتن – واتە – واتا)ەوە هاتوە، گیوی موکریانی لە فەرهەنگی کوردستاندا لە بەرامبەر پەیڤی وتار (گوتار)ی بەکارهێناوە، لە زمانی عەرەبیدا لە بەرامبەر وتار (المقالة) بەکارهێنراوە کە لە (قول)ی عەرەبی وەرگیراوە. (خضور ٢٠٠٠، ١٣)

لە زمانی فارسیدا بە هەمان شێوە وشەی وتار (مقالە)ی پێدەگوترێ یاخود بەکارهاتوە کە بەمانای قسەکردن دێت، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا وتار (essay) بەکارهاتوە کە چەند واتای تریشی۔ لێدەکەوێتەوە وەك (هەواڵepreure ، یان شارەزایی experience و جێبەجێکردنی باوەڕدار....application هتد. (عوسمان ٢٠٠٩، ١٨)

وتاری ڕۆژنامەوانی پێگەیەکی گرنگ داگیردەکات لەنێو هونەرە نوێیەکانی ڕۆژنامەوانی، پانتاییەکی هەرە گرنگی داگیرکردوە لە ڕۆژنامە لەبەرئەوەی هەمیشە ڕونکردنەوە لەسەر دۆزێك دەخاتەڕو، یەکێك لە شێوازە هەرە کارلێکەکانی وەڵامدانەوەیەتی بۆ داواکارییەکانی پەیوەندی کەسێتی، وا لەخوێنەر دەکات کە بەرەو هزرکردنەوە بڕوات و ببێتە خاوەن زانین سەبارەت بە هەر بۆچۆنێکی دیاریکراو، تاکو سودی لێوەربگرێت. (الراوي ٢٠٠٦، ٢٨)

فەرهەنگی ئۆکسفۆرد وتار بەم شێوەیە پێناسە دەکات: (پێکهاتەیەکی نوسراوە بە درێژایی مامناوەند لەسەر بابەتێک، کە هەمیشە پاڵاوتنی تێدا نییە و لێرەوە هەندێکجار بەشێوەیەکی تێنەگەیشتو و نارێکخراو دەردەکەوێت) (oxforddictionary 1978, 22).

فەرهەنگی فەڕەنسی۔ لارۆس بەم شێوەیە وتاری پێناسەی کردوە: (ناوێک کە بەو نوسینانە دەگوترێت کە نوسەران بانگەشەی ئەوە ناکەن، کە بچنە قوڵایی لێکۆڵینەوەکانیان یان تێگەیشتنێکی تەواویان لە چارەسەرکردنیان هەبێت، چونکە وشەی وتار بە واتای هەوڵدان یان شارەزایی، یان ئەزمونێکی سەرەتایی دێت) (Larous Dictionary 1988, 675).

فەرهەنگی لیترێ وتار بەم شێوەیە وەسف دەکات: (نوسراوێکە کە تێیدا نوسەر باس لە بابەتێک دەکات بەبێ ئەوەی بانگەشەی ئەوە بکات کە بۆچونێکی یەکلاکەرەوە لەسەری دەردەبڕێت). (شرف ٢٠٠٠، ٢٢)

لەژێر ڕۆشـــنایی ئەمەدا، ئێمە وتاری ڕۆژنامەوانی وا دەبینین: (یەکێکە لە هونەرەکانی نوســـینی ڕۆژنامەوانی کە تیایدا نوســـەر بابەتێک یان ڕوداوێک وەردەگرێت کە بایەخی بە ڕای گشـــتییەوە هەیە و مێشـــکی داگیرکردوە، ئامانجی پێشـــکەشـــکردنی زانیارییە بۆ خوێنەران بەشـــێوەیەکی ســـادە و دور لە ئاڵۆزی، بە کەڵکوەرگرتن لە بەڵگە و ئارگیومێنتی لۆژیکی بۆ پشتگیری بۆچونەکەی بە ئامانجی گۆڕینی بڕواکانیان و وایان لێبکات ئەو دیدگایە بگرنەبەر کە ئەو دەیخاتەڕو، ڕوداو و دیاردە و پێشهاتەکانی ئێستا ماددەی بابەتەکەی پێکدەهێنن).

## ٢. خەسڵەتەکانی وتاری ڕۆژنامەوانی:

وتاری ڕۆژنامەوانی کۆمەڵێک تایبەتمەندی و سیفەت لەخۆدەگرێت کە بەشـداربون لە سـەرکەوتنەکەی و زیاترکردنی کاریگەرییەکانی لەسەر خوێنەران، بەجۆرێک کە جێگەیەکی بەرچاوی لە ڕۆژنامەگەریدا داگیرکرد تا گەیشتە قۆناغێک کە لە هیچ بارودۆخێکدا ناتوانرێت دابەشبکرێت لەگەڵ لەلایەن هەر جۆرە هونەرێکی تری نوسینی ڕۆژنامەوانی. گرنگترین خەسڵەتەکانی وتاری ڕۆژنامەوانی ئەمانەن: (خضور ٢٠٠٠، ١٥٤)

١. بـابەتی ڕۆژنـامەوانی یەکێکە لە جۆرە گرنگەکـانی ژانری ڕۆژنـامەگەری، جـددیترین و ســـوتێنەرترینـە و توانـای کاریگەرکردنی هەیە.
٢. وتاری ڕۆژنامەی یەکێکە لە جۆرە ڕۆژنامەوانی زۆر پەیوەسـتە بە کرۆکی ڕاگەیاندنەوە، چونکە بەشـێوەیەکی گشـتی ئامانجی کاریگەرییکردنە لەســـەر خوێنەر لەڕێگەی ڕازیکردن و ڕێنماییکردنەوە، ڕۆژنامەکە بیرۆکەکان بەرجەســـتە و گوزارشت دەکا کە بەشێکە لە ئایدۆلۆژیای خۆی.
٣. وتاری ڕۆژنامەوانی پێویســـتی خوێنەران بۆ تێگەیشـــتنێکی قوڵ لە ڕوداوەکان و هەڵســـەنگاندنێکی قوڵ بۆ دیاردەکان تێردەکات، لە چوارچێوەی دیدێکی هەمەلایەنە دور لە ڕوانگەیەکی دابڕاو و تەســـک بۆ ڕوداوێک یان پرســـێکی دیاریکراو.
٤. بە یەکێک لە جۆرەکانی ڕۆژنامەگەری دادەنرێت، کە زۆرترین توانای هەیە بۆ ئەوەی ڕۆژنامەکە بتوانێت ســـیمای نوسەری دیاری خۆی بەدەستبهێنێت، چونکە تاکەیەکە کە بە تەنیا بڵاویدەکرێتەوە.
٥. دەکرێت ڕۆژنامەکە بتوانێت سەرمایەیەکی گەورە لەناو جەماوەری خوێنەردا دروستبکات، چونکە جۆری خوێنەری بابەتی وتار جیاوازە لە جۆری هەواڵ خوێندنەوە.

کەســـانێک هەن کۆمەڵێک تایبەتمەندی دادەمەزرێنن کە پێیانوایە بۆ کوالیتی بابەتێکی ڕۆژنامەوانی پێویســـتن، کە بریتین لە: (بيري ١٩٩٦، ٣٤٤)

١. کە وتاری ڕۆژنامەوانی هەڵگری سـیمای تازەگەری بێت لە ڕێگەی دورکەوتنەوەی نوسـەر لەو بابەتانەی کە پێشـتر ڕوماڵ کرابون، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی نامۆبونی خوێنەر و دورکەوتنەوە لە خوێندنەوەی بابەتەکە، واتە بابەتەکە مامەڵە لەگەڵ بیرۆکەیەکی دیاریکراو دەکات کە لە ڕێگەیەوە زانیاری نوێ پێشکەش دەکرێت.
٢. بابەتەکە ئەو شتانە لەخۆدەگرێت کە خوێنەران ڕادەکێشێت و وروژاندنیان بۆ خوێندنەوەی تا کۆتایی لەلا دروست دەکات، دڵنیادەبێت لەوەی کە ئەو گەڵاڵانە دەخـاتەڕو کە ســـەرنجی خوێنەران دەوروژێنێت و حـەزی زانینیان تێردەکات.
٣. بابەتەکە ڕەنگدانەوەی توناناو لێهاتوەکانی نوســـەر پێچەوانەوە دەکاتەوە لە ڕێگەی ئەو پرســـیارانەی کە لەلای خوێنەردا دەوروژێت.
٤. دەربڕینی ڕیکۆریکی، کە بە نوسینی ڕون و کاریگەر و بڕواپێکەر نوێنەرایەتی دەکرێت.

### ٣. ئەرکی وتاری ڕۆژنامەوانی:

وتاری ڕۆژنامەوانی وەکو هەر هونەرێکی ڕۆژنامەوانی دیکەیە، کەرەستەیەکی ڕۆژنامەکەیە بۆ بەدەستهێنانی ئەرکەکانی ڕۆژنامە لە ئاگادارکردنەوە و پەروەردەکردن و ئاراستەکردن و ڕێنماییکردن و سەرگەرمیکردن، تەنانەت ئەگەر بابەتەکە ئامرازێک بێت بۆ بۆچون و ڕێنماییکردن و پەروەردەکردن و ڕێنماییکردن. (حمزة ١٩٩٠، ٦٧)

هەوڵی ئەوە دەدات خوێنەر قەناعەت پێبکات، جگە لە بەشداریکردن لە داڕشتنی کارنامەی ڕای گشتی، ئاگادارکردنەوە لە بونی کەموکورپیەک، یان ئاشکراکردنی گەندەڵی یان لادان لە هەر کەرتێکی کۆمەڵگا و دامودەزگاکانیدا، خوێنەران ڕۆشنبکەرەوە، بەستنەوەی ڕوداوە جیاوازەکان و دانانی لە چوارچێوەی گشتی خۆیاندا، بەهێزکردن یان هاوکاریکردن لە سیاسەت یان بڕیارێکی دیاریکراو. (ابوزید ٢٠٠٠، ١٦٧)

ڕۆژنامەکە لە هەر کۆمەڵگایەکدا بڵاودەبێتەوە، ئەرکەکانی سنورداردەبن بەمانەی خوارەوە: (ابوزید ٢٠٠٠، ١٦٧)

١. پێشکەشکردن و شیکردنەوەی ڕوداوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان و ئاشکراکردنی ڕەهەند و گرنگییە جۆراوجۆرەکانیان.
٢. باسکردن و خستنەڕوی ئەو پرس و دیاردە جۆراوجۆرانەی کە پەیوەندییان بە بیروڕای گشتیەوە هەیە و یارمەتی خوێنەران دەدات لە تێگەیشتن و شوێنکەوتنیان.
٣. دەربڕینی سیاسەت و ئاراستە باوەکانی کۆمەڵگا، خستنەڕوی تێڕوانینە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ئەو وڵاتەی کە ڕۆژنامەکە تێیدا بڵاودەبێتەوە، بە مەبەستی کاریگەری و ئاراستەکردنی ڕای گشتی، دواتر ئاراستەکردنی ئەو سیاسەتە گشتییەی کە دەوڵەت پەیڕەوی لێدەکات بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندیی جەماوەر.

## دوەم: وتاری سیاسی (پێناسە، ئەرک)

### ١. پێناسەی وتاری سیاسی

وتاری سیاسی جۆرێکە لە نوسین کە جیاوازە لەوانی تر، چونکە بە جۆرێکی ورد و سەخت دادەنرێت، کە هەندێک کەس پێیان وایە وەک پیاسەکردنە لەسەر مین، چونکە ئازادی تەواوی نییە بۆ نوسین، مامەڵە لەگەڵ بابەتێکی سیاسیدا دەکات، کە دەبێت وریابێت کاتێک دەربارەی دەنوسێت، بەبێ گوێدانە ئەوەی ئایا پشتگیری دەکات یان دژایەتی دەکات یان ڕەخنەییە. (عوض ٢٠٠١، ٣٤)

وتاری سیاسی بە پەروەردەیەکی ڕۆژانە دادەنرێت بۆ ئەوکەسانەی کە توانای دەربڕینیان هەیە، چونکە زۆرجار لێدوان و بۆچونی خۆیان لەسەر بابەتی وتارەکە دەدەن و هەندێک مەرج هەیە کە پێویستە لەکاتی نوسینی وتاری سیاسی دا شوێنیان کەوتوبن، ئەگەرنا وتارەکە زیانی پێدەگات. (سليمان ١٩٩٩، ٥٨)

وتاری سیاسی ئەرکی سەرەکی، کە دەتوانێت بەدەستیبهێنێت بریتییە لە هۆشیاری و پەروەردە و پێکهێنانی ڕۆشنبیری، چونکە وتارکە هونەرێکی ڕۆژنامەوانی ڕۆشنبیرییە (نا-هەواڵ) کە بە شێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستێت بە توخمەکانی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە و گشتگیرکردن و بیرکردنەوە و بە شێوەیەکی سەرەکی ئاڕاستەی مێشک و بیرکردنەوەی خوێنەر دەکات و ڕێگایەکی ڕونی بۆ دابین دەکات. (الجميلي ٢٠١١، ٨٩)

وتاری سیاسی ئامانجی، فراوانکردنی هۆشیاری خوێنەر و پەرەپێدانی هۆشیاری و قوڵکردنەوەی تێگەیشتن لە ڕوداوەکان و دیاردەکان و پێشکەوتنەکان بۆ ئەوەی بەشداری بکات لە پەروەردەکردنی وەک مرۆڤێکی هۆشیار و ڕۆشنبیر و ئاگادار، کە تەنها لە قۆناغەکانی داهاتودا دەتوانێت لە ڕوداوەکان و دیاردە و پێشکەوتنەکان تێبگات و هەڵوێستێکی دروستیان لێوەربگرێت. (العزاوي ٢٠٠٨، ٧٣)

وتاری سیاسی، کۆمەڵێک تێڕوانینی تیۆری و چەمک و پێشنیازی ڕێکخراوە لە چوارچێوەیەکی لۆژیکی، لەبارەی واقیعی سیاسی لە کۆمەڵگەیەک لە چوارچێوەیەکی مێژویی دیاریکراوداو، خستنەڕوی چارەسەر بۆ کێشەکانی و دیاریکردنی سروشتی پەیوەندییەکانی بە ژینگەی هەرێمی و نێودەوڵەتی. هەروەها واتا وێناکردنی واقیع و نوێنەرایەتیکردنیتی بەشێوەیەکی کردەیی، واتە لەڕوی تیۆرییەوە لە سیستمێک لەو چەمکانەی مۆرکێکی گشتی و دیاریکراویان هەیە، هەروەها سیستمێک لە بیرۆکەی ئاراستەکراوە بۆ کارکردن ڕەنگدانەوەی واقیعە و هاندەرێکی بزوێنەرە بۆ گۆڕینی. (محمد ١٩٨٥، ١٧)

هەرچی پێناسەی ئیجرائی توێژەرە بۆ وتاری سیاسی وتاری سیاسی گەیاندنی پەیامە، هەمو بنەماکانی چالاکی پەیوەندیکردن و پێکهێنەرە سەرەکییەکانی لەسەر جێبەجێدەبێت وەک (سەرچاوە، پەیام، ئامراز، نێرەر، فیدباک) و، بەشێوەیەکی بابەتی پاساو و بەڵگە بەکاردەهێنێت، بۆئەوەی قەناعەت بە وەرگر بکات و کاریگەری لەسەر ڕەفتاری بنوێنێت.

**٢. بابەتی وتاری سیاسی**

بابەتەکانی وتاری سیاسی چیتر بیرۆکەیەک نین کە نوسەر بتوانێت بەو شێوەیە بنوسێت، کە دەیەوێت، بەڵکو سنوردار بوە بە بارودۆخی ژیانی ڕۆژانە کە لەلایەن ڕۆژنامەوە خزمەت دەکرێت، نوسەری وتارەکە ناچارە خزمەت بە مەبەستە ڕۆژنامەوانییەکانی خۆی بکات و بەدوای بابەتە گشتییەکانی ڕای گشتیدا بگەڕێت، ئەوەی کە هەست بە ئارەزویەکی بەپەلە دەکات بۆ نوسین تێیدا یان بە هیچ شێوەیەک هەست بە هیچ هاوسۆزییەک ناکات بەرامبەری، تێبینی ئەوە دەکرێت کە ئەم بۆچونە بۆ هەمو جۆرە وتارێکی سیاسی جێبەجێ ناکرێت، بەڵکو لەلایەن سەرنوسەرەکەوە دیاری دەکرێت، کە لەلایەن سیاسەتی ڕۆژنامەکەوە دیاریکراوە و بۆچونی خۆی دەردەبڕێت لەسەر بابەتێک کە ڕۆژنامەکە پێیوایە سەرنوسەری خۆی دەستپێک دەنوسێت((عبدالسلام ١٩٩٠، ٤٣).

هەندێک کەس باوەڕیان وایە، کە هەڵبژاردنی بابەتەکە لەو ئاستە گرنگەدا نییە، بەڵام ڕاستی پێچەوانەکەی دەڵێت، ئەمە نەک تەنها بابەتێکی زۆر گرنگە، بەڵکو بنەڕەتی و ئاڵۆزە، ئەگەر زۆربەی ڕوداوەکان گونجاو بن بۆ نوسینی هەواڵ یان ڕاپۆرتیان لەسەر ئەنجام دەدرێت. (منصور ٢٠١٦، ٨٧)

١. بابەتەکە گرنگی ڕاستەوخۆی لەسەر ئەندامانی کۆمەڵگا هەیە، بۆ ئەوەی ڕوداوەکە شایانی ئەوە بێت کە بە وتارێک باس بکرێت، دەبێت بەها و کاریگەرییەکی گەورەی هەبێت.
٢. سروشتی شیکاریی وتارەکە و ئامانجەکانی لە دەرکردنی حوکم، ئەنجامەکان و قایلکردنی بەکۆمەڵیان نیشان دەدا.
٣. دڵنیابون لە بەردەستبونی زانیاری، ئامار و ڕاستییەکان دەربارەی، یان بەردەستبونی و سەرچاوەی کۆکردنەوەکەی زانیاری.

هەندێک دەڵێن هەڵبژاردنی بابەتی وتار بەشێوەیەکی سەرەکی بابەتێکی ڕۆشنبیرییە نەک بابەتێکی پیشەیی و بابەتی وتار هەمیشە ئەوەیە: (سعدیة ٢٠١٦، ٣)

١. کێشەی گشتی و گشتگیر (نەک ناوخۆیی یان دیاریکراو): ئامانجی وتارەکە گەیشتن بە بیرۆکەیەکی گرنگە لە ڕێگەی (چاودێریکردن، شیکردنەوە، هەڵسەنگاندن وگشتگیرکردن)، لە ڕێگەی ڕاستییەکانەوە، کەرتێکی فراوان لەخۆدەگرێت، ئەم گشتگیرییە بابەتێکی ڕێژەییە، پشت دەبەستێت بە جۆری ڕۆژنامەکە، بۆ نمونە ڕۆژنامەی ناوخۆی مامەڵە لەگەڵ بابەتەکانی نیگەرانی وڵات دەکات بە گشتی.

٢. ئەگەر ڕۆژنامەکە ناوخۆیی (هەرێمی) بو، دەیتوانی وتارێک لەسەر ئەم بابەتەی هەرێمی تایبەت بنوسێت، چونکە ئەم کێشە ناوخۆییە لە هەرێمەکەدا بۆ ئەو گشتییە، بەڵام تایبەت و ناوخۆییە بۆ هەمو وڵات.
٣. بابەتی وتارەکە ئەو بابەتە گرنگ و پێگەیشتوەیە کە لە نزیکەوە پەیوەستە بە پێشکەوتنی گشتی و داتا گشتییەکانی قۆناغەکە و لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئەرکانەی کە دەبێت جێبەجێبکرێن.
٤. ئەو بابەتەی کە سەرنجی خەڵک سەرقاڵ دەکات و تێگەیشتنیان کاریگەری لەسەر باوەڕەکانیان و بەم شێوەیە هەڵسوکەوتیان هەیە و پەیوەندی بە کێشە و بەرژەوەندییە سیاسیەکانیانەوە هەیە.

**٣. ئەرکی وتاری سیاسی:**

وتاری سیاسی وەک ژانەرێکی ڕۆژنامەوانی چەند ئەرکێکی هەیە کە خۆی لەمانەی خوارەوە دەبینێتەوە:. (سلطان ٢٠١١، ٨٧)

١. ئەرکی میدیا: بە دابینکردنی زانیاری و بیرۆکە دەربارەی ڕوداوەکان و ڕاستییەکان ئاڕاستەی وەرگران دەکرێت.
٢. ئەرکی لێکدانەوە و ڕونکردنەوە: بە لێدوان لەسەر ڕوداوەکان و هەواڵەکانی ڕۆژانە، بۆ ئەوەی بەشداری بکات لە نیشاندانی ڕەهەندە جیاوازەکان.
٣. ئەرکی دروستکردنی ڕای گشتی لەسەر ئەو بابەتانەی کە پێشکەش دەکرێن، جا بە نەرێنی بێت یان ئەرێنی.
٤. ئەرکی جوڵاندنی خەڵک: بۆ ئەوەی بەشداری بکەن لە بەدیهێنانی پەرەپێدانی نەتەوەیی، یان بەشداری بکەن لە خزمەتکردنی سیستەمە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان.
٥. ئەرکی پڕوپاگەندەی ئایدۆلۆژی: ئەمە لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی فەلسەفە و زانین و بیرۆکەکان و پێویستی بەرگریکردن لێیان ئەنجام دەدرێت.
٦. ئەرکی پەروەردە: ئەم کارە بە بڵاوکردنەوەی زانیاری جیاواز ئەنجام دەدرێت.
**7.** ئەرکی پروپاگەندەی سیاسی: لەڕێی بڵاوکردنەوەی سیاسەتەکانی حکومەت و ئەو لایەنانەی کە پشتیوانیان لێ دەکەن و هەڵوێستەکانیان لەسەر پرسە کۆمەڵایەتییەکان.

**بەشی سێیەم**

**کردەنیینامە توێژینەوەکە**

لە بەشەدا توێژەر کار لەسەر شیکردنەوەی ناوەڕۆک بۆ ئەو وتارانە دەکات کە لەماوە دیاریکراودا لە ڕۆژنامەکانی خەبات و کوردستانی نوێ بڵاوکراوەتەوە کە ژمارەیان 159 وتارە لە ڕێگەی 7خشتەوە شیکراوەتەوە.

**خشتەی (1)جۆری وتاری ڕۆژنامەوانی نموونەی توێژینەوە دیاریدەکات**

| جۆری وتاری | دووبارە | ڕێژە | ئاست |
|---|---|---|---|
| سەروتار | 15 | 9.433 | سێیەم |
| ستونی ڕۆژنامەوانی. | 64 | 40.251 | دووەم |
| ژانەری تری ڕۆژنامەوانی. | 80 | 50.314 | یەکەم |
| کۆی گشتی | 159 | 100 | |

لە خشتەی2دا، جۆری وتاری ڕۆژنامەوانی نمونەی توێژینەوە دەخرێتەڕو، کە لە ماوەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان بڵاوکراونەتەوە.

لە ئاســتی یەکەمدا ژانەری تری ڕۆژنامەوانی دێت بەڕێژەی (50.314%) مەبەســت لە ژانەری تری ڕۆژنامەوانی ئەو وتارانەیە کە بە قاڵبی جیاواز لە ڕۆژنامەکان بڵاودەکرێتەوە مەرج نییە لە ژمارەی داهاتو ئەم پانتاییە و قاڵبەی وتار دوبارەببێتەوە.

لە ئاســتی دوەمدا ســتونی ڕۆژنامەوانی دێت بەڕێژەی (40.251%) ســتونی ڕۆژنامەوانی گۆڕەپانێکی تایبەتە کە لە ســتونێک تێناپەڕێت ڕۆژنامەنوســان بۆ دەربڕینی بیروبۆچون و تێڕوانینی خۆیان ســەبارەت بە پرســەکان لە ڕێگەی ناونیشـان و شـوێنی ڕۆژنامەکە و بەرواری بڵاوکردنەوەکە، چونکە گوزارشـت لە بیروبۆچونی نوسـەر دەکات سـەبارەت بەڕوداوێکی کۆمەلایەتی یان سـیاسی یان کولتوری، بۆ ڕاکێشـانی خوێنەر بۆ ڕۆژنامەکە. نوسـەرەکەی بە سـتوننوس ناسراوە.

لە ئاستی سێیەمدا سەروتار هاتوە بەڕێژەی (9.433%) مەبەست سەروتار ڕای ڕۆژنامە و هەڵوێستی فەرمی سەبارەت بە ڕوداو و پرس و پێشـهاتەکانی هەنوکەیی دەردەبڕێت و لە شـوێنێکی دیار لە لاپەڕەی یەکەمدا بڵاودەکرێتەوە و خاڵییە لە واژۆ، چونکە نوێنەرایەتی بۆچونەکانی دەستەی نوسەرانی ڕۆژنامەکە دەکات و نەک نوسەرێکی دیاریکراو، تایبەتمەندە بە درێژیی و شوێنێکی زیاتر لە ستونێك داگیردەکات.

**خشتەی(2) شێوازی ناوەڕۆکی وتاری ڕۆژنامەوانی نموونەی توێژینەوە دیاریدەکات**

| ناوەڕۆکی وتاری | دووبارە | ڕێژە | ئاست |
|---|---|---|---|
| وتاری وەسفی | 53 | 33.333 | یەکەم |
| وتاری هاندان | 15 | 9.433 | پێنچەم |
| وتاری پێشکەشکردن | 19 | 11.949 | چوارەم |
| وتاری مشتومڕ | 26 | 16.352 | دووەم |
| وتاری شیکاری | 11 | 6.918 | حەوتەم |
| وتاری ڕەخنەیی | 14 | 8.805 | سێیەم |
| وتاری لێکۆڵینەوە | 9 | 5.660 | هەشتەم |
| وتاری دانپێدانان | 12 | 7.547 | شەشەم |
| کۆی گشتی | 159 | 100 | |

لە خشـــتەی 2دا، شـــێوازی ناوەڕۆکی وتاری ڕۆژنامەوانی نمونەی توێژینەوەدەخرێتەڕو، کە لەماوەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان بڵاوکراونەتەوە.

لە ئاسـتی یەکەمدا وتاری وەسـفی بەڕێژەی (33.333%) دایە، مەبەسـت لە وتاری وەسـفی وتارێکە کە بە مەبەسـتی ڕونکردنەوەی بابەتێک دەنوسرێت، ڕێگە بە خوێنەر دەدات هەست بکات، ببیستێت یان ببینێت کە نوسەر مەبەستی چی وەســف بکات، زمانێکی ڕونکردنەوەی تێگەیشــتو بەکاردێت کە تیایدا وەســفی دەنگ یان هەســتێک دەکات. لە نمونەی وتاری وەســفی کە بڵاوکراوەتەوە وەک (لەبەر ئەم هۆکارانە شــایســتەی دەوڵەتی خۆمانین) لە ڕۆژنامەی کوردسـتانی نوێ بڵاکراوەتەوە کە وتارێکی وەسـفیە هەروەها (دەریایەک لە خۆێن لە پێناو سـەربەخۆیی) و (پارتی پردی پەرینەوەیە بۆ ئاینده) لە ڕۆژنامەی خەبات بڵاو کراوەتەوە.

لە ئاسـتی دوەم وتاری مشـتومڕ هاتوە بە ڕێژەی(16.352%) وتاری مشـتومڕی وتارێکی فەلسـەفییە کە تێیدا مشـتومڕ لەســەر بابەتێکی دیاریکراو هەیە کە جیاوازی بیروبۆچون و ناکۆکی لەســەر مەســەلەیەکی دیاریکراو هەیە، بۆچونەکان ئەگەری ئەوە هەیە لۆژیکی و دروستبن و پێچەوانەی واقیع نەبن یان پێچەوانەی لۆژیکیش بن ئەوەی دەبێتە مشتومڕی

ناو گفتوگۆکە، بۆیە هەر لایەنێک هەوڵ دەدات ئارگیومێنت و بەڵگەکانی خۆی پێشـــکەش بکات بۆ ئەوەی ئەوانی تر قەناعەت پێبهێنێت کە بیرۆکەکەی دروستە لەکۆتاییدا بگاتە دەرئەنجامێک یان چارەسەرێک بۆ گفتوگۆی دیالێکتیکی.

لە نمونەی وتاری مشـــتومر (ڕیفراندۆم واتە یەکەمین هەنگاوی دروســـتبونی دەوڵەت) (دەریایەک لە خوێن لە پێناو دروست بونی دەوڵەت)،( با لەسایەی ڕیفراندۆمدا سیمای کورد دزێو نەکرێت)، (دەوڵەتێکی شەرعیمان دوێت یان...؟) لە دیارترین وتارە مشتومرەکانن لە ڕۆژنامەی خەبات و کوردستانی نوێ بڵاوکراونەتەوە.

لە ئاســـتی ســـێیەمدا وتاری ڕەخنەیی هاتوە بەڕێژەیی (8.805%) وتاری ڕەخنەیی جۆرێکە لە وتار، کە تێیدا نوســـەر بەشـێوەیەکی بێلایەن و شـیکەرەوە ڕون دەکاتەوە. وتاری ڕەخنەیی پشـتگیری بیرۆکەکان دەکات، دژایەتی بیرۆکەکانی تر، کە تێیدا نوســـەر بابەتێک شـــیدەکاتەوە کە هەمو ڕەهەندەکان لەخۆدەگرێت، لەم جۆرە وتارانەدا خوازیارە کەســێک شارەزایی هەبێت لە نوسینی بابەتەکان، لەبەر ئاستی بەرزی خواست.

لە نمونەی وتاری ڕەخنەیی (نەخێر لەبەردەم یاســـا)، (پێداگرییەکانی یەکێتی)، (ریفراندۆم و کێشـــەیی نەبونی لۆبی)، (ڕەخنەگرتن لە فەزای ئـازادی)، (کورد چ خێرێکی لە نەخێر دەبینێ)، (ڕیفرانـدۆم چیـدیکەش) لە دیـارترین وتـارە ڕەخنەکانن لە ڕۆژنامەی خەبات و کوردستانی نوێ بڵاوکراونەتەوە.

لە ئاسـتی چوارەمدا وتاری پێشـکەشـکردن دێت بەڕێژەی (11.949%)، مەبەسـت لەم جۆرە وتارە بیرۆکە ئاڵۆزەکان ڕون دەکاتەوە، هەوڵدەدات بیرۆکە ئاڵۆزەکان بگۆڕە بۆ چەمکێکی سادە و ئاسان بۆ تێگەیشتن.

لە نمونەی وتاری پێشـکەشـکردن (دەریایەک لە خوێن لە پێناو سـەربەخۆیی)، (شـوێنەوارە گرنگە یاسـاییەکان دوای بەدەسـتهێنانی سـەربەخۆیی)، (هەڵویسـت هەوێنی سـەربەخۆییە) و (بەرەو ڕیفراندۆمی سـەربەخۆیی) لە دیارترین وتاری پێشکەشکردنن لە ڕۆژنامەی خەبات و کوردستانی نوێ بڵاوکراونەتەوە

لە ئاســـتی پێنچەمدا وتـاری هـانـدان هـاتوە بەڕێژەی(9.433%)، وتاری هـانـدان باس لە چۆنیەتی هـاندانی خود و بەدەسـتهێنانی ئامانجە کەسی و پیشـەییەکان دەکەن لە ڕێگەی پەرەپێدانی تواناکانی سـەرکەوتن و پەرەپێدانی کەسـایەتی، ئەم وتارە باس لە گرنگی هاندان لە ژیانی مرۆڤ دەکات و چۆن دەتوانێت کاریگەری ئەرێنی لەســـەر ســـەرکەوتن لە ژیانی کرداریدا هەبێت، ئەم جۆر وتارە چەمکی هاندان و سایکۆلۆژیا دەناسێنێت و ئەو پاڵنەرە دەرونیانە ڕوندەکاتەوە کە هانی خەڵک دەدەن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان.

لە نمونەی وتاری هاندان (سـەردەمی نەتەوە بەسـەرچو)، (کاتێک سـەرۆک دەڵی بەڵی)، (کوردینە هەلە، جیهان گوێی لێمانە)، (بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم مافی خۆمانە)، (کورد ڕیفراندۆمی بۆ دوژمنایەتی ناوێ)، (بە حکمەت و وریاییەوە دەروانینە ڕیفراندۆم) لە دیارترین وتاری هاندانن لە ڕۆژنامەی خەبات و کوردستانی نوێ بڵاوکراونەتەوە.

لەئاسـتی شـەشـەم دا وتاری دانپێدانان دێن بەڕێژەی (7.547%)، وتاری دانپێدان ئەم جۆرەی وتارە کە نوسـەری وتار لەڕێگای کۆمەڵێک بەڵگە پاســـاو بۆ هەڵە ڕابردو لەبارەی بابەتەکەوە وەک پۆزش دەهێنێتەوە ئەمەش وا لە خوێنەری وتار دەکات کاریگەری لەسەر دروست بکات.

لە نمونەی وتـاری دانپێـدانـان (مـافی چارەنقیســـین دبەلگەیێن نێڤـدەولەتی دا)، (ســـەردەمی ســـەربەخۆیخوازی و ڕەتکردنەوەی ژێر دەستییە)، (ڕیفراندۆم خەونی لە مێژینەکە دێنێتە دی)، (پایزی هەڵوەرینی ترس و تۆقان)و (لەبەر ئەم هۆکارانە شـــایســـتەی دەوڵەتی خۆمـانین) لە دیـارترین وتـاری دانپێـدانن لە ڕۆژنـامەی خەبـات و کوردســـتـانی نوێ بڵاوکراونەتەوە.

لەئاستی حەوتەم وتاری شیکاریی هاتوە بەڕێژەی (٦,٩١٨) کە یەکێکە لەو وتارە هەرە کاریگەرەکان، چونکە کاریگەرییەکەی بۆ ماوەیەکی درێژتر درێژدەبێتەوە چونکە لەسەر بنەمای شیکردنەوەیەکی قوڵ بۆ دوایین و کێشەکان دامەزراوە و وتاری شیکاریش بەوردی مامەڵە لەگەڵ ڕوداو و ڕاستییەکان دەکات و بەبەستنەوەیان بەڕاستیەکانی ترەوە و دەرهێنانی ئەوەی دەیبینێت لەبۆچون و ئاراستەکان و دەرخستنی ڕوداو و پێشبینیەکانی ئاینده.

لە نمونەی وتاری شیکاری (کوردستان چۆن بە سەربەخۆیی دەگات)، (کۆماری فیدراڵی کوردستان زۆر جیاواز تر دەبێت لەهەرێمی کوردستان)، (چۆن لە ڕیفراندۆم بڕوانین)، (شۆڕشی ئەیلول و ڕەنگدانەوەی لەسەر قۆناغی ئەمڕۆ) لە دیارترین وتاری شیکارین لە ڕۆژنامەی خەبات و کوردستانی نوێ بڵاوکراونەتەوە.

لەئاستی هەشتەم دا وتاری لێکۆڵینەوە دێت بەڕێژەی (5.660 %)،مەبەست لە وتاری لێکۆڵینەوە ئەو وتارانەیە کە لە توێژینەوەی زانستییەوە سەرچاوەیانگرتوە پشت بەستوە بە داتا و زانیاری ئەمەش گرنگی و کاریگەری خۆی هەیە لەسەر خوێنەران.

لە نمونەی وتاری لێکۆڵینەوە (میدیا و ئەرکی نەتەوەیی)،(ڕزگارکردنی فەلەستین و سەربەخۆیی کوردستان)، و (شۆڕشی ئەیلول و ڕەنگدانەوەی لەسەر قۆناغی ئەمڕۆ) لە دیارترین وتاری لێکۆڵینەوەیە لە ڕۆژنامەی خەبات و کوردستانی نوێ دا بڵاوکراونەتەوە.

**خشتەی (3) وتاری ڕۆژنامەوانی بەپێی توخمی دارشتنی پەیام دیاریدەکات**

| توخمی دارشتنی پەیام | دووبارە | ڕێژە | ئاست |
|---|---|---|---|
| هەواڵی | 29 | 18 | سێیەم |
| شیکاری | 77 | 48 | یەکەم |
| ئاراستەیی | 53 | 33 | دووەم |
| کۆی گشتی | 159 | 100 | |

لە خشتەی 3 وتاری ڕۆژنامەوانی بەپێی توخمی داڕشتنی پەیام شیدەکاتەوە کە لەکاتی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان بڵاوکراونەتەوە.

لەئاستی یەکەمدا توخمی شیکاری دێت بەڕێژەی (48%)، مەبەست لە توخمی شیکاری ئەوەیە نوسەری وتار لە درێژەی وتارەکەی شیکاری بۆ بابەتەکە ئەنجام دەدات دیوی دواوە بابەتەکان بۆ خوێنەر ئاشکرادەکات بۆ نمونە (کوردستان چۆن بە سەربەخۆیی دەگات)، (کۆماری فیدراڵی کوردستان زۆر جیاوازتر دەبێت لەهەرێمی کوردستان)، (چۆن لە ڕیفراندۆم بڕوانین)، (شۆڕشی ئەیلول و ڕەنگدانەوەی لەسەر قۆناغی ئەمڕۆ) لە دیارترین وتاری ڕۆژنامەی خەبات و کوردستانی نوێ بڵاوکراونەتەوە

لە ئاستی دووەمدا توخمی ئاراستەیی دێت بەڕێژەیی (33%) مەبەست لە توخمی ئاراستەیی لە وتاری ڕۆژنامەوانی بەپێی داڕشتنی پەیام ئەوەیە کە ئەو وتارەی بڵاودەکرێتەوە مەبەستی ئاڕاستەکردنی خوێنەرە بۆ بابەتە گرنگە کە جا ئەو ئاڕاستەیە لەگەڵ بون بێت یاخود هەڵوێست وەرگرتن و دژبون بێت. بۆ نمونە توخمی ئاڕاستەیی وتار (دۆسیەی کەرکوک)، (نەخێر ئێمە پێنچ پارچەین، کوردستان پێنچ پارچەیە)، (چۆن لە ڕیفراندۆم بڕوانین)، (کورد مافی چارەی خۆ نوسین) لە دیارترین وتاری ڕۆژنامەی خەبات و کوردستانی نوێ بڵاوکراونەتەوە.

لە ئاستی سێیەمدا توخمی هەواڵی دێت بەڕێژەیی(18%) هاتوە، مەبەست لە توخمی هەواڵی لە وتاری ڕۆژنامەوانی بەپێی داڕشتنی پەیام ئەوەیە کە لە ناوەڕۆکی وتارەکە کۆمەڵێک زانیاری نوێ و نەزانراو بڵاودەکرێتەوە، یاخود ئەم وتارە

دەبێتە سـەرچاوەیەکی هەواڵی زانیاری نوێ تیدایە، توخمی هەواڵی وتار (ڕیفراندۆم لە ناوچە دابراوەکان لەبەردەم مەترسی و هەرەشـەی دۆخەکەدا)، (ئینفاقا سـیاسی و بریارا گەلی کوردسـتانێ)، (سـلێمانی دوژمنانی بێ هیواکرد)، لە دیارترین وتاری ڕۆژنامەی خەبات و کوردستانی نوێ بڵاوکراونەتەوە.

**خشتەی (4) جۆری وتاری ڕۆژنامەوانی بەپێی ئاراستە یاخود ئامانج روون دەکاتەوە**

| جۆری وتاری | دووبارە | ڕێژە | ئاست |
|---|---|---|---|
| وتاری بانگەشە | 38 | 23.899 | یەکەم |
| وتاری میدیایی | 19 | 11.949 | پێنچەم |
| وتاری بەهێزکردن | 23 | 14.465 | سێیەم |
| وتاری ئایدیۆلۆژی | 9 | 5.660 | حەوتەم |
| وتاری نەتەوەیی | 26 | 16.352 | دووەم |
| وتاری هەست و سۆز | 20 | 12.578 | چوارەم |
| وتاری ئاراستەیی | 17 | 10.691 | شەشەم |
| وتاری مشتومری | 7 | 4.402 | هەشتەم |
| کۆی گشتی | 159 | 100 | |

لە خشتەی 4 جۆری وتاری ڕۆژنامەوانی بەپێی ئاراستە یاخود ئامانج ڕوندەکاتەوە، لە ئاستی یەکەمدا وتاری بانگەش دێت بەرێژەی (23.899%) هاتوە، مەبەسـت لە وتاری بانگەش ئەو جۆرە وتارانەن ئامانج لێ بانگەشـەکردنە بۆ پرسی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان، لە ئاستی دومدا وتاری نەتەوەیی دێت بەرێژەی(16.352) مەبەست لە وتاری نەتەوەیی ئەو وتارەیە کە نوسەرانی ئامانجیان بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوەییە بۆ خوێنەران و هاندانیانە.

لە ئاسـتی سـێیەمدا وتاری بەهێزکردن هاتوە بەرێژەی (14.465%) مەبەسـت لە وتاری بەهێزکردن ئەو وتارەیە کە نوسەرانی وتار ئامانجیان بەهێزکردنی ئیرادەی خوێنەرانە بۆ پرسی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لە هەرێمی کوردستان.

لە ئاستی چوارەمدا وتاری هەست و سۆز هاتوە بەرێژەی (12.578%) هاتوە، مەبەست لەم جۆرە وتارانە نوسەران کارلەسەر هەست وسۆزی خوێنەران دەکەن بۆ پرسی ڕیفراندۆمی سەربەخۆی کوردستان.

لەئاسـتی پێنچەم وتاری میدیایی هاتوە بەرێژەی(11.949%)، مەبەسـت لە وتاری میدیایی جۆرێکە لە نوسـینی ڕۆژنامەوانی کە تێیدا نوسـەر تێڕوانینی خۆی و بۆچونی تایبەتی خۆی سـەبارەت بە بابەتێک یان ڕوداوێک یان بابەتێک یان بیرۆکەیەکی دیاریکراو دەخاتەڕو و یەکێکە لە چێژبەخشـترین شـتەکان کە لە ڕۆژنامەگەریدا بخوێنرێتەوە ئەگەر نوسـەر شـارەزا بێت لە زمانەکەی خۆی و بتوانێت بە شـێوەیەکی چێژبەخش دارشـتنی بکات و وتارەکەش دەتوانێت فاکتەرێکی سەرنجڕاکێش بێت بۆ ڕای گشتی بەرەو وەرگرتنی تێڕوانینێکی دیاریکراو.

لە ئاسـتی شـەشـەمدا وتاری ئاراسـتەیی هاتوە بەرێژەی (10.691%)، مەبەسـت لەم جۆرە وتارە ئەوەیە ئامانجی ئاراسـتەکردنی خوێنەرە بۆ پرۆسـەی پرسی رێفراندۆم لە هەرێمی کوردسـتاندا، تەنانەت بەشـێک لە وتاری میدیایی عەرەبش بەهەمان شێوە لەهەمان کات بە پێچەوانەشەوە بونی هەیە.

لە ئاسـتی حەوتەمدا وتاری ئایدۆلۆژی هاتوە بە ڕێژەی (5.660%) هاتوە، وتاری ئایدیۆلۆژی گوزارشـتە لە بیروڕای و بیرکردنەوەی نوسەری وتارەکان تایبەبەت پرسی ڕیفرراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان.

لە ئاسـتی هەشـتەم و کۆتاییدا وتاری مشـتومڕ هاتوە بەرێژەی(4.402%) مەبەسـت لە وتاری مشـتومڕ ئەو وتارانەیە نوسەران وەڵام و وەڵامکاری هەولویستی نوسەران و کەسایەتی تر دەداتەوە.

**خشتەی (5)بەهای وتاری ڕۆژنامەوانی نموونەی توێژینەوە روون دەکاتەوە**

| بەهای وتاری ڕۆژنامەوانی | دووبارە | ڕێژە | ئاست |
|---|---|---|---|
| گرنگی بابەتەکە لەسەر ئەندامانی کۆمەڵگا | 97 | 61.006 | یەکەم |
| سروشتی شیکاریی وتارەکە | 55 | 34.591 | دووەم |
| بەردەستبوونی زانیاری، ئامار و ڕاستییەکان | 7 | 4.402 | سێیەم |
| کۆی گشتی | 159 | 100 | |

خشـــتەی5 تایبەتە بە دیاریکردنی بەهای وتاری ڕۆژنامەوانی نمونەی توێژینەوە، توێژەر هەوڵدەدات بەهای وتاری ڕۆژنامەوانی دیاری بکات مەبەســـت لە بەهای وتاری ڕۆژنامەوانی ئەوەی وتاری ڕۆژنامەوانی چ پێگەیەکی لای خوێنەر هەیە، خوێنەرانی وتار بۆچی گرنگی بە وتارەکان دەدەن. لە ئاســـتی یەکەمدا بەهای گرنگی بابەت لەســـەر ئەندامانی کۆمەڵگا دێت بە ڕێژەی(61.006%).

لەئاستی دوەمدا سروشتی شیکاریی وتارەکە دێت بە ڕێژەی(34.591%)، مەبەست لە سروشتی شیکاری وتارەکە بۆ لێهاتویی و توانایی نوســـەری وتار دەگەڕێتەوە، لە پرسی ڕیفراندۆمی کوردســـتان نوســـەرانی بە توانا و بە ئەزمون بە وتارەکانیان و لێکدانەوە و شیکارییان بۆ پرسی ڕیفراندۆم دەکرد و ئەگەرەکانیان شیدەکردەوە.

لە ئاستی سێیەمدا بەردەستبونی زانیاری، ئامار و ڕاستییەکان دێت بە ڕێژەی(4.402%)، لە نێو وتارەکانی تایبەت بە پرسی ڕیفراندۆم زانیاری و ئاماری گرنگ هەبون نوسەرانی وتارەکان بە زانیاری و ئامارانە وتارەکانیان دەوڵەمەند کردبو.

**خشتەی (6) ئامانجی وتاری سیاسی نموونەی توێژینەوە روون دەکاتەوە**

| ئامانجی وتاری سیاسی | دووبارە | ڕێژە | ئاست |
|---|---|---|---|
| ڕای گشتی ناوخۆیی | 98 | 61.635 | یەکەم |
| ڕای گشتی نێودەوڵەتی | 22 | 13.836 | دووەم |
| وەڵامی لێدوانی دژبەر | 39 | 24.528 | سێیەم |
| کۆی گشتی | 159 | 100 | |

خشتەی(6) گوزارشتە لە ڕون کردنەوەی ئامانجی وتاری سیاسی لە کاتی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی لەلایەن ڕۆژنامەی کوردی،لە ئاســـتی یەکەمدا ئەو وتارانە هاتون کە ئامانجیان ڕای گشـــتی ناوەخۆییە بە ڕێژەی (61.635%) بە واتا وتارەکان ئاراستەی ڕای گشتی ناوەخۆ کراوە وە ڕاکێشان و پاڵپشتی ناوەخۆییە بۆ پرسی ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان.

لە ئاســـتی دوەمدا وەڵامی لێداونی دژبەر هاتوە بە ڕێژەی (24.528%) هاتوە، مەبەســـت لە لێدوانی دژەبەر ئەوەیە بەشێکی زۆری پارتە سیاسییە عەرەبییەکانی عێراق و بەشێکی کەم لە جولانەوەیەکی سیاسی کوردی دژی پرسی ڕیفراندۆم وەستانەوە لە ڕێگای وتار و بەرنامەی تایبەت بەخۆیان خەریکی ساردکردنەوەی هاونیشتمانیان بون لە بەشداریکردن لە بەڵێ لە پرسی ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان.

لە ئاستی سێییەمدا ڕای گشتی نێودەوڵەتی دێت بە ڕێژەی (13.836%)، لێرەدا ئامانجی وتاری سیاسی ئاراستەکردنی پەیامە بۆ ئاستی نێودەوڵەتی.

**خشتەی (7) ئەرکی وتاری سیاسی نموونەی توێژینەوە روون دەکاتەوە**

| ئەرکی وتاری سیاسی | دووبارە | ڕێژە | ئاست |
|---|---|---|---|
| ئەرکی میدیا | 41 | 25.786 | دووەم |
| ئەرکی لێکدانەوە و ڕوونکردنەوە | 76 | 47.798 | یەکەم |
| ئەرکی دروستکردنی ڕای گشتی | 24 | 15.094 | سێیەم |
| ئەرکی پروپاگەندەی ئایدۆلۆژی | 6 | 3.773 | پێنچەم |
| ئەرکی پروپاگەندەی سیاسی. | 12 | 7.547 | چوارەم |
| کۆی گشتی | 159 | 100 | |

خشـــتەی 7، کە تایبەتە بە دیاریکردنی ئەرکی وتاری ســیاسی لەکاتی پرسی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردســتان بۆ پرسی ســەربەخۆیی، ئەرکی وتاری میدیایی دەربڕینی توخمە بنەڕەتییەکان و خەســڵەتەکانە ئەوەی پەیوەندی بە پەیامی نوسەرەکانیەوە هەیە، وامان لێدەکات ئەو ئەرکانەی کە وتاری میدیایی دەتوانێت بیگێڕێت، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئاراستەکردنی ڕای گشتییەوە هەیە.

لە ئاسـتی یەکەمدا ئەرکی لێکدانەوە و ڕونکردنەوە دێت بە ڕێژەی (47.798%)، مەبەســت لە ئەرکی ڕونکردنەوەی هەواڵ و لێکدانەوەی پەیوەندی نێوان و تاک و کۆمەڵگاکان و لێدواندان لەســەر ئەم بابەتەیە کە گرنگی بۆ خوێنەر ڕونبکاتەوە.

لە ئاستی دوەمدا ئەرکی میدیایی هاتوە بەڕێژەیی(25.786%) مەبەست لە ئەرکی میدیایی لە وتاری سیاسیدا بابەتەکان ڕون دەکاتەوە و پەیوەندی نێوان و تاک و کۆمەڵ ڕونبکاتەوە و سەرنج لەسەر ئەم بابەتانە دەدات کە گرنگی بۆ خوێنەر ڕون دەکاتەوە.

لە ئاستی سێیەمدا ئەرکی وتاری سیاسی ئەرکی دروستکردنی ڕای گشتییە کە بەڕێژەی (15.094%) دێت، مەبەست لە ئەرکی دروستکردنی ڕای گشتی ئەوەیە ئەو وتارانەی لەلایەن نوسەرانەوە دەنوسرێت و پەیامەکان ئاراستەی خوێنەران دەکرێت لە نێو پەیامەکاندا چەندین ئاماژە و هۆکار و بەڵگە باسدەکرێت تاکو سۆزی خوێنەر ڕابکێشێت و کاردانەوەی لەبارەوە دروست بکات ئەم کاردانەوەش ڕای گشتی لێبەرهەم دێت.

لە ئاســتی چوارەمدا ئەرکی پروپاگەندەی ســیاسی هاتوە بەڕێژەی (7.547%)، مەبەســت لە پروپاگەندەی ســیاسی هەوڵێکی میدیاییە بۆ کاریگەری لەسەر هەڵوێست و بیروبۆچون و ڕەفتاری خەڵک و ئامرازەکانی بڵاوکردنەوەی زانیاری، ڕاستی، نیوە ڕاستی یان تەنانەت درۆیە لە هەوڵێکی ڕێکخراو بۆ کاریگەری لەسەر ڕای گشتی. پرۆسەی دەستکاریکردنی هەست و سۆزەکانە بە مەبەستی دروستکردنی دۆخێکی گرژی فیکری و بارگاوی سۆزداری.

لەئاستی پێنچەمدا ئەرکی پروپاگەندەی ئایدۆلۆژی هاتوە بە ڕێژەی (3.773%)، مەبەست لە پروپاگەندەی ئایدۆلۆژی مۆدێلی بیرورا و هاوســەنگی و بەها و تێگەیشــتنی تایبەت بە خۆی پێکدەهێنێت و بەتەنیا بە ڕاســتی دادەنێت و بەبێ چەواشــە و چەقی کۆبونەوە و بنەمای ئینتیمایەتیایە میتۆدی پروپاگەندەی ئایدیۆلۆژیا لەســەر شــێوازی باوەڕبون پێیەتی نەک گەڕان بەدوای ڕاستی بۆیە حەز ناکات ئاستی هۆشیاری خەڵک بەرزبکاتەوە یان بە ڕاستی ڕون بکاتەوە یان مافە تایبەتەکانیان ببینێت بەڵام هەمو شــتێک کە هەیە دەبێت بە قاڵبی ئایدیۆلۆژیاوە و لەڕێگەی دروشــم و ئاڵاکانییەوە تێبپەڕێت و ئەگەر ناچار بکرێت واز لە قاڵب و دروشــمەکانی بهێنێت تەنیا بۆ جوڵاندنی دژ بە نەیارەکانە و ڕکابەری لە درۆ دایە کە کێبڕکێ لەگەڵ ئایدیۆلۆژیا دەکات، یان تەنانەت لە ڕاستیشدا کێبڕکێی لەگەڵدا دەکات.

## دەرئەنجامەکان

دوا بەدوای بە ئەنجامگەیاندنی ئەم توێژینەوەیە، توێژەر بەچەند دەرئەنجامێک گەیشتوە، کە بە چەند خاڵێک دەیانخەینەڕو:

١. جۆری ئەو وتارانەی لە ڕۆژنامەی کوردی لەکاتی ڕیفراندۆم بڵاودەکرانەوە جگە لە وتار و سەر وتار و ستونی ڕۆژنامەوانی بریتیبون لە شرۆڤە و لێکدانەوە بەدواداچون.

٢. شرۆڤە و ناوەڕۆکی وتاری سیاسی لە ڕۆژنامەی کوردی بریتیی بوە لە وەسف کردن شیکاری و هاندان بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم هەورەها لێکدانەوەی ئەم پرسە بۆ تاکی کوردی لە ڕێگای شرۆڤە و شیکارییەکانی نوسەرانەوە.

٣. لە ڕوی ئاڕاستە یاخود ئامانجی وتاری سیاسی لەنێو ڕۆژنامەی کوردیدا زۆر پیشەیی بوە زیاتر هەوڵێک بوە بۆ بانگەشەی پرۆسەی ڕیفراندۆم و گەیاندنی زانیاری بوە بۆ خوێنەران. هەروەها نوسەران لەنێو ڕۆژنامەی کوردی تەرکیزیان لەسەر بانگەشە و بابەتی نەتەوەیی کردوە

٤. گرنگترین بەهاکانی وتاری سیاسی لە کاتی ڕیفراندۆم لە ڕۆژنامەی کوردییدا گرنگیدانی بابەتەکە بوە بۆ ئەندامانی کۆمەڵگە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پرسی ڕیفراندۆم پرسێکی گرنگ و چارەنوسازبوە بەتایبەت لەم ماوەیە کە حکومەتی فیدراڵ موچە و بودجەی بڕێ و پەیوەندییەکان لەوپەڕی خراپی دابو.

٥. گرنگرین ئەو ئامانجانە کە وتاری سیاسی لە ڕۆژنامەی کوردی هەیبوە ئاڕاستەکراو بوە بۆ ڕای گشتی نێوخۆیی بو بە مەبەستی پاڵپشتی و پشگیرکردن لە پرسە چارەنوسازەدا دوایی ئەوەی بەرەیەکی نارازی بە ناوی بەری نەخێر لە ئیستادا دروست بو لە هەرێمی کوردستان هەروەها ئامانجی تر وەڵامدانەوە لێدوانە دژبەرەکانی ئەم پرسە بو.

### پیشنیار و ڕاسپاردە

توێژەر لەکۆتاییدا پێشنیار و ڕاسپاردەی حستوتە ڕو کە ئەمانەی خوارەوەن:

١. ڕۆژنامەکان گرنگی بە وتار لە هەمو بوارەکان بدە بەتایبەت لە کاتێک کە پرسێکی گرنگ لە ئارادایە، وەک پرسی ڕیفراندۆم، بۆ ئەوەی خوێنەر بە زانیاری ورد و نوێ وریابکرێتەوە.

٢. بەکارهێنانی نوێکاری لە نوسنی وتاردا لەلایەن ڕۆژنامەکان زیاتر گرنگی بە پیشەیی بون بدرێت.

٣. توێژەران توێژینەوە لە بارەی کاریگەری و کاردانەوەی خوێنەران لە گەڵ وتاری ڕۆژنامەدا ئەنجام بدەن .

### سەرچاوەکان:


ادیب خضور(2003)، ازمة اعلام ام ازمة انظمة، المكتبة الاعلامية دمشق

حمزة عبد اللطيف (1999)، المدخل في فن التحرير الصحفي، دار الفكر العربي، القاهرة.

خالد جاسم محمد العزاوي(2008)، الصحافة العراقية في ظل الاحتلال الامريكي، ط١، بغداد

خضور اديب (2000)، مدخل الى الصحافة نظرية وممارسة، ط٢، المكتبة الاعلامية، دمشق

خيري خليل (الجميلي)، الاتصال وسائله في الخدمة الاجتماعية، المكتب الجامعي الحديث، الاسكندرية

الراوي، ليث بدر (2006)، المقال الصحفي في الصحافة العربية، رسالة دكتوراه غير منشورة، جامعة بغداد كلية الاعلام، بغداد

سعيد عبد الجواد(2005). دراسة تطبيقية، القاهرة، دار الفجر للنشر والتوزيع

هدى سلطان (2011)، المقالة الصحفي في الصحافة المصرية، القاهرة، الهيئة المصرية العامة للكتاب

سليمان صالح،( 1998) الاخبار السياسي في العالم المعاصر، القاهرة، دار الوفاء

شرف عبد العزيز (2000) فن المقال الصحفي، دار قباء للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة

عبد الفتاح عبد النبي(2011) سوسيولوجيا المقالة الصحفي، القاهرة، العربي للنشر والتوزيع

عوسمان، سالار (2009)، وتارناسی،، لبنان،چاپخانەی دار المعرفه،چاپی یەکەم

عوض غازي زين(2001 )، المقالة السياسية، القاهرة، الهيئة المصرية العامة للكتاب

فاروق أبو زيد/ ليلى عبد المجيد،(2000) فن التحرير الصحفي، مركز جامعة القاهرة للتعليم المفتوح، القاهرة

فاروق ابوزيد، ليلى عبدالمجيد(2012)، فن التحريرالصحفي، القاهرة:مركز التعليم المفتوح،

فائق منصور(2016)، تطور المقال في الصحافة، القاهرة، عالم الكتب،

فؤاد عبد السلام(1990)، في السياسة والأعلام وقضايا أخرى، جده، مطابع دار البلاد

يوسف محمد نجم(2000)، فن المقالة الذاتية، دار المعرفة الجامعية، القاهرة

The concise oxford dictionary of current English., second edition,London, oxford university press,1978

The new encyclopedia,III ed., (Sv) (London,1974